www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-2-2007 19:39

بێ مرووەتیت کرد ئەی شەم دەربارەم. من بۆ تۆ قەیسی سیاستارەم
(وەلی دێوانە)

## کۆچ ... کەریم ئیسماعیل

2007 .02 .12 .،



بەیانیەکی چەند خەمناکە ئەلمان
ساردو بەستوو، لێوان لێوە لە تەنیایی
وەک ئامێزی ئەوکیژانە ی
بە باوەشێکی ساردەوە
بە دڵێکی بەردینەوە
بە گوێچکەدا دەچرپێنێ
ووشە ی سەختی ماڵ ئاوایی.،
جارناجارێ
لوورەی (با) دێ، لەو دیوو پەنجەرەی ژوورەکەم.
بە ئومێدی رۆژێکی نووێ
خۆرێکی نووێ
بۆ سەدان جار
ئاسمانی غوربەت تەی دەکەم.
لە دارستانی عیشقێکدا راوەستاوم
هەڵوەرینی گەڵاکانە لەبەر (با) دا.،
خۆرئاوایی ئێوارەیەکە
زەنگی مەرگێکی تر دەدا
ئەو مشتە حوزنەی کە ماوە
لەگەڵ خۆیدا راپێچی کا.،
زۆرئەستەمە خۆم راگرم
لەبەردەم گڤەی (با) یەکدا
کە من درەختێ رووتەڵەی بێ پەل و پۆی
دەرکراوی دارستان بم.،
کە من زامی بێ هەتوانی
قەدەرێ لەدڵ شکان بم.،
وەک پاساری پاڵوەریووی، پۆل جێماوی دەم رەشە (با) .،
نە هێلانەیەک شک دەبەم
نە دڵسۆزێ، نە باوەشێ
هەتاکوو بۆی بەرم هانا
لەم غورباتا، بیکەمە پشت و پەناگا.،
هە تاکوو بێ، گڤەی (با) کە تیژتر دەبێ
گەڵاو چرۆی گوڵەکانیش، سەراپا رادەوەشێنێ
ناتوانم خەوون ببینم بە بایانیەکی نوێ وە
مەرگی سەدان گەڵاو گوڵێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە هەناوی هەڵگرتوە
من لە شەوێکدا عاشق بووم
بانگی عەشقیان بە گوێمدا دا.،
بەم چاوانەی خۆم دەم بینی
باران لە خاک
چرۆ لە گوڵ
کانی لە دێ
جارێکی دی مارە دەکرا.،
هەر ئەو شەوە پەڵە هەوری بە خورەمت
باری بەسەر کێڵگەی شێعرم، ،
بەڵێنت دا، دڵسۆزم بیت
ڕێ لە مەرگی، گەڵاو گوڵی باخچەم گری
جارێکی تر بە تەنهایی
بۆ هەڵوەرین و زەرد بوونیان
لە سوچێکی ئەم ژورەدا
شین نەگێرم، ،
شەووم خۆش وویست لەو ساتەوە
چوون مژدەی بەیانیەکی،
نووێی پێ ئەدام
خەندەی تۆو گوڵەکانیشم هەمیشەیی
ئاواتی گەورە بوون لەلام.،
بەڵام چی بکەم؟
لە شەودامنت بە جێت هێشت.،
پەپوولە و گوڵ
ئەستێرە و مانگ
شێعر و سروشت
لەگەڵ مندا فرمێسکیان ڕشت.،
لەو کاتەوە خەوو لە دوو چاوم تۆراوە.،
لەگەڵ شەودا ژوان ناگرم
مژدەی بەیانی نوێم داتێ
بە فرمێسکی چاوەکانم
هەڵقرچانی گوڵەکانم
ئەو بەیانیە، ، نەخشێنرابێ
ئەمڕۆ چوارهەم بەیانیە
کۆچت کردوە لەم هەوارە
لەدوای کۆچت گڤە گڤەی (با) ناواستێ
نەشەو نە ڕۆژ لەم غوربەتا.،
زۆردەترسم لە شەوێکدا ئەم ژورەشم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوا گۆڕم بێ و، دوا مەنزڵگا.،
**** **** ****

کچە کەناری ئارامی و
خەونی ئێستەو، داهاتووم بوویت
باواشێک بوویت وەک نیشتیمان
ساڵەهایە
بە حەسرەتی ژوانێکیم...
دوونیایەک بوویت لە چاومدا بەبێ سنوور
ئاسۆیەک بوویت لە ڕێگەمدا
وەکوو خوێن سوور
وەرزی تەمەن پایزێک بوو
بە هاتنت ئەم ئێستاکە بەهارێکم...
هەموو ئەو گەڵانەی وەرین
لە فەسڵی لێک دابڕانی
من و دایکم و نیشتیمان...
(بە گیانێک و!!!
تا دەمرم لە یادت ناکەم!!!)
هەموویت بۆ هێنامۆ ژیان...
ئەو شەوەی کەتۆم تیا ناسی
بەڵێنم دا بە چاوانم
بۆ لەمەو دوا
کانگای فرمێسکی خوێن نەبن...
بە دەفتەری یادەوەریم پەیمانم دا
جارێکی تر گریان و خەم تۆمار نەبن...
گفتی ئەوان بۆ لەمەو دوا
بەخوڕەمی فرمێسکی خۆشی
گوڵی ئەوینمان ئاو بدەن...
هەموو چرپەو هەناسەمان
لەلای خۆیان نەخش بکەن...
کە کۆچت کرد
لەو شەوەوە
جێت هێشتن بێ ماڵ ئاوای
نەچومەتە بەر ئاوێنە
بەدوو چاووم چاویان بکەم
نە خامە هاوڕێی دەست دەبێت
خەموو ژانی
یادێکی تر تۆمار بکەم

halabjayi@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.